ئەکرەم قەرەداغی

بیبلیۆگرافی کورد و کوردستان



Kurds and Kurdistan's Bibliography

43940

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان

سلێمانی - ١٩٩٩

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library



* بیبلیۆگرافی کوردو کوردستان

* ئەکرەم قەرەداغی

لەبلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان

* بەرگی یەکەم ، سلێمانی ۱۹۹۹

* تیراژ : ۵۰۰ دانە

* کۆمپیوتەر : ژیان حەمە رەشید، ئیدریس شەیداهۆ

* دەرهێنانی هونەری : هەڵگورد عبدالوەهاب

* ژمارەی سپاردن : (۳۸)

* چاپخانەی : (فەرهەنگ)

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

کوردۆلۆژی، مەودایەکی بەرفراوانی‌هەیە، وگەلێك لایەنی گرنگ‌و پڕبایەخ لەژیان‌و ئەتنۆگرافیا و سۆسیۆلۆژی‌و زانست‌و فەلسەفەو زمانی نەتەوەی کورد دەگرێتەوە. ئەم لایەنە فراوانە، پێویستی بەکاری زۆرو ماندووبوونێکی بێئەندازەی خەم خۆرانەو دڵسۆزانە هەیە بۆئەوەی خەرمانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی لەوە پێشمان دەوڵەمەند بکرێ‌و ئەوەی ئەنجام دراوە لەم لایەنەوە فەراموّش نەکرێ‌و ڕۆژ بەڕۆژ لێی زیاد بکرێ‌و پەرەی پێبدرێ‌و پڕۆگرام‌و نەخشەو پلانی ئەکادیمیانەی بۆدابنرێ‌و کەسانی بەتوانا و لێهاتووو خاوەن ئەزموون‌و شارەزاو دەست ڕەنگینی بۆ دەستنیشان بکرێ‌و پێداویستی‌و ئاتاجیان جێبەجێ بکرێ.

بەلای منەوە، سەرەتای هەموو هەنگاوێك کەبۆئەم لایەنە بدرێ، ئەوەیە بزانرێ جارێ چی لەوەپێش ئەنجام دراوە؟ وجێبەجێ کراوە؟ وچیمان لەسەر نوسراوە؟ وکێ‌نووسیویەتی؟ ولەکوێ دەست دەکەوێت؟ توێژینەوەکان کام لایەنی ژیانی گرتۆتە خۆ؟ وەبۆئەوە سنووری کارەکانمان دەست نیشان بکەین، ڕەنگە چاکترین‌و یەکەمین هەنگاو

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

کەبنرێ، ئەنجامدان و ئامادەکردنی بیبلیۆگرافی هەمە چەشنەو هەمەلایەنی باری کوردۆلۆژیمان بێت، کەشارەزامان بکات لەهەموو ئەو هەوڵانەی لەوە پێش دراون هەروەها لەهەنگاوو قۆناغو ئەنجامەکانیش. کورد، نەتەوەیەکی دێرینە، ومێژووی لەگەڵ مێژووی خاکەکەیدا پەیوەستەو، تاکە نەتەوەیەکی سەرزەمینە کەبەو ژمارە زۆرەو بەو خاکە فراوانەیەوە تائێستا بێدەوڵەت و بێقەوارەی ڕامیاری خۆیبێ.

پۆژهەلات ناسی وەک لقێکی سەرەکی کەلتورو مێژووی نەتەوەکەمان، دەمێکە لەئەوروپادا جێگەیەکی بەرفراوانی بۆخۆی داگیر کردووەو هەرلەزووبەکیشەوە ئەم نەتەوەو ئەم خاکە شوێنی سەرنج و تێڕامانو لەسەر نووسینی بێگانە بووەو هەرلەکۆتایی سەدەی حەڤدەوە گەلێك گەریدەو پۆژنامەنووس و مسیۆنێرو تۆژەرەوەی ئەم بواره خاکی کوردستانیان تەی کردووەو بێگوێدانە سەدان دەردەسەری و چەرمەسەری ڕێگاو باری کۆمەلایەتی و ڕامیاری ئەوکاتە، گەڕاون و بیرو ڕاو سەرنجی خۆیانیان تۆمار کردووە، ولەپاشتریشدا زۆربەی ئەونووسراوانەیان لەچاپداوەو بەشێوەیەکی کتێب و نامیلکەو ووتار بویان کردۆتەوە، بەشە پۆژهەلاتناسییەکانی زانکۆکانی ئەوروپاش بایەخێکی زۆریان بەم نووسراوانە داوەو هەموو وەک یەک نین بۆیەك مەبەست نەبوون، هەندێکیان کتومت لەبەرژەوەندی دامودەستگا بیانیە جیاجیاکاندا بوون، بۆمەبەستی تایبەتی خۆیان بەکار هاتوون، و هەندێکیشیان تەنها بۆمەبەستی گەڕیدەیی و تۆمارکردنی گەشتی پڕچەرمەسەری و تۆێژینەوەی ناوچە نادیارەکان کراون، وتیاشیاندا

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

هەیە بەدڵسۆزی و مرۆڤایەتی پەرەهەڵدانەوە لەسەر نەتەوەیەکی فەراموش کراوی پۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسراون، لەهەموو ئەمانەدا ئێمە زیانمان پێنەگەیشتووەو ئەو کتێب و وتارو نامیلکانە، دەبنە سەرچاوەی هەرە گرنگ و هەر هەوڵێکی ناحەزانەشیان تێدابێ، کورد خۆی لەئەنجامی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی پڕو وریایی دا، کورد خۆی ڕاستیان دەکاتەوەو بەرئەنجامە ڕاستەکان تۆمار دەکات و لەپاشدا بڵاویان دەکاتەوە.

بۆیە، ئێستا، کاتی ئەوە هاتووە، دام و دەستگا پۆشنبیریەکان و زانکۆکانمان مشوری پەیدا کردنی ئەم کتێبانە بخۆن و لەبەریان بگرنەوەو لەکتێبخانەکاندا هەڵیان بگرن و بیان خەنە بەردەست تۆژەرەوەو وەرگێڕە کوردەکان و هەوڵی پەرچقەی سەرتاسەریان بدەن، تانەوەی ئەمڕۆمان، ئاگاداری ئەو هەوڵانەبێ کەلەوە پێش ئەنجام دراون و شارەزای ئەوە بێ چۆن ناسراوە.

ئەم هەوڵەی منیش، هەنگاوێکی سەرەتاییە لەم لایەنەوە، بۆئەوەی خوێنەرو تۆژەرەوەی کورد، ئاگاداری ئەو نووسراوانەبێ کەگەڕیدەو ڕۆژنامەنووس و مسیۆنێرو تۆژەرەوە بیانیەکان لەسەریان نووسیوین و چۆن زمان و کەلتورو مێژوو جوگرافیاو باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاریان شی کردووینەتەوەو هەڵیان سەنگاندووە؟. هەروەها هەوڵیشم داوە تۆماری نووسراوی ئەو کوردە بەڕێزانەش بکەم کەلەئەوروپاو بەزمانی بێگانە لەسەر خۆمانیان نووسیوە، بێگومانم کارەکە خۆی زۆر فراوانە بەکەسێك بەتەنها ئەنجام نادرێ، لەبەر ئەوە تەنها ئەی کتێب و وتارانەم

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

تۆمار کردووە کەبەزمانی ئینگلیزی نوسراون و خۆم تێیان گەیشتووم، جارە جارەش هەندێك نووسراوم بەزمانانی دیکەی ئەوروپی لەبەر هەرە گرنگیان تۆمار کردووە. ئەمە تەنها بەشی یەکەمی کارەکەیەو ئێستا بەشی دووەمیشم لەبەردەستایە خەریکی نووسینەوەیم، هیوادارم لەدەرفەتێکی نزیکدا ئەویش بخەمە بەردەستی خوێنەرە بەڕێزەکانمان.

من لەو بڕوایەدام ئەمڕۆ، کێشەی ئەم نەتەوەیە، سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوەو بۆتە شوێنی لێکۆڵینەوەی دەیەها و بگرە سەدان تۆژەرەوەی ڕامیاری و مێژووی جیهان و بەدەها کۆڕو سیمیناری یەك لەدوای یەکی بۆدەبەستڕێت، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کەڕۆژ نیە بەدەیەها وتارو نامیلکەو کتێبی نوێ لەسەرمان بڵاو نەکرێتەوە. بەڵام هەموو کاتێك ئەو پرسیارە لەبەردەماندا دێتە گۆڕێ ئایا خۆمان بۆخۆمان چیمان کردووە؟ وچیبکەین؟ لەمەولاش، چ هەنگاوێك بنێین؟ وچۆن ئەم بارە هەنووکەییەی هەرێمی و جیهانی نوێ بقۆزینەوەو بەعەقڵی کارامەو بەگیانی دڵسۆزی و سەرنجی وردەوە بڕوانینە کێشەو گرفتەکانمان و هەوڵی چارەسەریان بدەین، وکورد وەك نەتەوەیەکی زیندووی خاوەن مێژوو کەلەپوورو کەلتوری ژیاو بخەینە بەردەم گەلانی جیهان و لەم بارەیەوە هەنگاوی پڕدانایی بۆدابنێین، تانەتەوەکەش دەگاتە پۆخی دڵنیابوون و جێگەی شیاوی خۆی لەپۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکاتەوە.

لەکۆتاییشدا، ئەبێ زۆر بەڕێزەوە بڕوانمە هەموو ئەو کارانەی لەم بارەیەوە ئەنجام دراون، بەتایبەتی ئەو پێرست و دەست نیشانکردنانەی

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

نووسەرو توێژەرەوە بەڕێزەکانی خۆمان کردوویانە دەربارەی سەرچاوە لەسەر کوردو کوردستان بەزمانانی بیانی کەهەموویان سوود مەندن و بێبایەخ نین(١) شایانی ڕێزو سوپاسن.

هەروەها ئامانجیشمە، ئەم کارەی من هاندەرێکی دیکە بێت بۆهەموو ئەو بەڕێزانەی شارەزاییان لەزمانانی دیکەی ئەوروپی‌دا هەیە سەرەڕای ئینگلیزی، بۆئەوەی تۆماری هەموو ئەو نووسراوانەمان بۆبکەن کەبەو زمانانە نووسراون بەتایبەتی ڕووی دەمم دەکەمە ئەو کوردە بەڕێزانەی لەئەورپا دەژین بۆئەوەی هەرنووسراوێك لەسەرمان بلاوەکرێتەوە وێنەی بنێرن بۆزانکۆکانمان تابەهەموو کتێبخانەی کوردۆلۆژیمان دروست دەکەین، هیچ شتێك لەم جیهانەدا ناهێلێنەوە کەلەسەرمان تۆمارکرابێ ولەبەردەستماندا نەبێ و سوپاس بۆهەمموان.

بەتایبەتی ئەو خوشکو برا بەڕێزانەی ئەورپا کەهەمیشە بێبەشیان نەکردووم لەسەرچاوەو کتێبی نوێ.

نەکرەم قەرەداغی

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library